# لە جیاتی هەر دەمانچەیەک کەمانچەیەک!

لەوانەیە ئەم ناونیشانەی سەرەوەت لا بەسەیروسەمەر بێت بەڵام لە رووی فەلسەفیەوە مانایەکی یەکجار فراوانی هەیە کە برییتی یە لەو ململانێ دوور و درێژەی کە لەوەتی ئادەمێزاد بۆ ئەو دوو چینی دژ بەیەک _ چەوسێنەر _ چەوساوە _ چاکە _ خراپە _ خێر _ شەڕ _ داگیرکراو _ شەڕ _ ئاشتی _ کۆیلە و گەورەکەی _ جووتیار _ دەرەبەگ_ کرێکار _ سەرمایەدار _ تا میللەتی سەردەست و ژێردەست هەر هەموو ئاشتیەکان خۆ ئامادە کردن بووە بۆ شەرێکی دی.. چونکە تا چەوساندنەوە هەبێت شەڕ بەردەوامە...؟!!

کە ئەویش ئاسوودەیی و نائاسوودەیی مرۆڤە _ بچراندنی زنجیرەکانە _ بۆیە هەموو بۆچوونە فەلسەفیەکان _ ئاسمان _ زەمینی _ ئایدیالیست _ ماتەریالیزم، بۆچوونی جۆراوجۆر ئەم زاراوەیە لێک دەدەنەوە .

گۆمان لەوەدا نییە کە شەڕی دژەکان _ ێراع المتناقچات _ یەکێکە لە یاسا سەرەکییەکانی ماتەریالیزم _ کەواتە کەمانچە و دەمانچە هەردووکیان بریتین لە دوو ئامێر و ئەگەر پێناسەی ئامێر بکەین: بریتیە لەو دروست کراوەی کە یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ ئاسان کردنی کارەکانی لە رووی بەکار هێنان و دەربڕینەوە. ئەم دوو زاراوەش لە رووی زمانەوانی یەوە خاوەنی مۆسیقایەکی نزیک بە یەکن بەڵام لە مانادا دژ بە یەکن هەرچی دەمانچەیە بریتییە لەو ئامێرەی کە ئەرکی مرۆڤ ئاسان دەکات بۆ کوشتن _ شەڕ _ شەپۆرو خاوەن دەنگێکی ترسناکی تۆقێنەرە .

هەرچی کەمانچەشە: ئامێرێکی مۆسیقاییە بۆ دەربڕینی هەستی مرۆیی مرۆڤ و ئاسوودە کردنی _ گۆران _ بزە _ خەندە _ شایی_ خاوەن دەنگێکی دڵڕفێن کە ئەگەر بە جوانی بەکار بهێنرێت جوانترین سۆز _ عەشق _ دروست دەکات.

کەواتە دوو زاراوەی نزیک لە یەک و دوو مانای جیاواز ئەمیان چاکە و ئەویان خراپە _ ئەمیان خوای جوانی ڤێنوس _ ئەویان خوای شەڕ _ ئاهوورە موزدا _ ئەمیان گۆرانی _ ئەویان شین و شەپۆر.

ئەمیان خاوەن دەنگی بەسۆز _ ئەویان تۆقێنەر، لەم سەرزەمینە ئەنجن ئەنجن کراوەی چەوساوەکان لەوەتەی هەین لە جیاتی دەنگی بەسۆزی کەمان دەنگی تۆقێنەری تۆپ و گوللە و بارود و فڕۆکە ئاخنراوە بە گوێچکەمان و گوێچکەی منداڵەکانمان.

لە جیاتی خولی فێربوون _ کەمان _ ساز _ سنتور _ عود _ شمشاڵ خولی فێربوونی دەمانچە _ تۆپ _ ئاربی جی _ کلاشنکۆف کراوەتەوە بۆ لاوان و منداڵانمان .

لەو شوێنانەی کە مێژوو رۆڵی خۆی دیوە لە بنیات نانی شارستانیەتی مرۆیی _ هەر ماڵێک ئامێرێکی مۆسیقا (پیانۆ)ی تێدایە بەڵام لای ئێمە هەر ماڵێک ئامێرێکی کوشندەی تێدایە بۆیە دەڵێم بە گەورەکان: رەش و رووتی ئەم وڵاتە ئەو دەمانچەیەی دراوەتە دەستیان بۆ فێرکردنی یەکتر پڕ بە دەنگیان هاوار دەکەن بیگۆڕینەوە بە کەمانچەیەک و دەنگە بە سۆزەکەی _ بۆ ئەوەی دەنگی تۆقێنەری دەمانچەکان کپ بێتەوە و لە جیاتی ئەو دەنگی بەسۆزی کەمانچەکان هاوار بکات و بڵێت نەفرەت لە شەڕ، بژی ئاشتی .

ئازاد ساڵح سەرۆکی تیپی مۆسیقای شنروێ